www.kurdistannet.org
بةكاتي ناوةندي ئةوروثا 2-6-2005 22:34

# دةسةلآتدار بةبص أؤشنبير و أؤشنفيكر خوسن لة دةستي ئةضؤأست!! ... خالَة حةمة



زۆر سەیر نییە دەسەڵاتدار خۆی داسەپێنێ بەسەر بێ دەسەڵاتدا یاخود بەدەستە تاوانبارەکانی دەمی ڕۆشنبیر بگرێت و نەیەڵێت لە ئازارەکانی خۆیەوە هاوار بکات تا خەڵکی هوشیار بکاتەوە. زۆر سەیر نییە دەسەڵاتدار بە ئاگرو ئاسن مامەڵە لە تەک ڕۆشنبیردا بکات یاخود بەچەکە چاوشۆڕەکەی شانی ڕۆشنبیرو ڕۆشنفیکر دەمکوت بکات تا مەرامی بۆگەن و خواستی خۆی داسەپێنێ و بەئارەزووی مێشکە ڕزیوەکەی خۆی وەک گاو مانگا لەسەر خواستی لەرزۆکی هەوادارانی و دەروێشەقێزەونەکانی خۆی بلەوەڕێت. لە وولاتێکیشدا کۆمەڵگاکەی وەک میگەل بەدەست دەسەڵاتدارەوە بێت زۆر ئاساییە ڕۆشنبیر لەهەر چین و توێژێکی میللەت بێت هەڕەشەی مەرگی لێ بکرێت و بەزۆرەملی و نێرەکەری چۆکی پێ دابدەن.. هەروەها کە کۆمەڵگاش پیرۆزی دابەدەسەڵاتدار ئەویش هار ئەبێت و هەرکەسێ سەری بۆ دانەخات، دژایەتی و بگرە هەوڵی تیرۆریشی دەدات. ئەم نەهامەتی و کارەساتە کە ڕووبەڕووی ڕۆشنبیری کورد ئەبێتەوە کاری ئەمڕۆ و دوێنێ نییە کە ئێمەی ستەمدیدە بەدەستیەوە ئەناڵێن، هەروەها بەیەک دوو ڕۆژیش وەها بەهێز نەبوە، لە زووەکەوە پیلانی بۆ دانراوە تا کەسێک سەر پێچی دەسەڵات نەکات و ئاگاداریشی نەبیت لە ناو کۆمەڵگادا چی ڕووئەدات یاخود چی ڕوونادات. بەڵام تاکەی وەها کەرەکی بۆیان ئەچێتەسەر!! تاکەی ئەتوانن دەمی ڕۆشنبیر بەخەڵکی نەزان و چەک هەڵگرو یاساوڵی بەردەرگا بگرن.. ئایا بیریان لەوەنەکردۆتەوە کە کۆتایی دیکتاتۆرەکانە لە هەرکوێ و لە هەربەرگێکدابن.. ئایا دەسەڵاتداری کورد سەرنجی لەشەقامی کوردی نەداوە کە زۆر توڕەیە لێیان و کاسەکەشیان پڕ بووە خەریکە لێی ئەڕژێت.. .. بە ڕای من بەرۆکی ڕۆشنبیری کورد بەردەن بائەرکی سەرشانی خۆیان بەپاکی بەجێبهێنن، دەنا وەک هەموو کارە ناجۆرەکانیترتان بەرنەفرەتی مێژوو ئەکەون و میللەت هەرگیز لێتان خۆش نابێت.. .. .

خاڵەحەمە 2005/6/2 دانمارک